# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٠) لە ٢٠١٩/٧/٣٠

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣) لە ٢٠١٩/٧/٣٠، بڕیاردرا بە:

**یەکەم:**

پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ چاوخشاندنەوە بەو پرۆژە یاسای (یاسای چاکسازی لە خانشینی و مووچە و دەرماڵە و ئیمتیازەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان)، بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری داد و ئەندامێتی ئەم بەڕێزانەی خوارەوە:

١. وەزیری دارایی و ئابووری.
٢. وەزیری پلاندانان.
٣. وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.
٤. سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی.
٥. سەرۆکی دەستەی دەسپاکی.
٦. سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.
٧. سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
٨. بەڕێوەبەری گشتی ژمێرکاری لە وەزارەتی دارایی و ئابووری.
٩. نوێنەرێکی پرۆژەی تۆماری مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لە سیستمی بایۆمەتری.

**دووەم:**

کاری ئەم لیژنەیە پێداچوونەوەیە بە پرۆژە یاساکە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و داڕشتنەوەی پرۆژە یاساکە بە شێوەیەکی گونجاو و دەوڵەمەندکردنی لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم و دواتر لە کارنامەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دابنرێت و لەلایەن ئەنجومەنەوە گفتوگۆی لەسەر بکرێت و لە دوای بڕیاردان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ تەشریعکردنی.

**سێیەم:**

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران